

# ئافرەتانی کوردستان به یەکدەنگی پشتیوانیی ریفراندۆم دەکەن

**دوای ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، لە بڕیارێکی مێژوویيدا رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆییان دەستنیشان کرد، لە ئێستادا هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە کەشێکی ئازاد و چارەنووسسازدا خۆیان بۆ چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن دەوڵەت و شوناسی خۆیان لە بندەستی و کۆیلەیەتی و ستەمدیدەیی بۆ سەربەستی و سەرفرازی بگۆڕن، ئافرەتانی کوردستانیش بە ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە، وەك مێژووی درەوشاوەی رابردوویان، جارێکی دی شان بە شانی پیاوان لەم گشتپرسییەدا بەشداری دەکەن، بۆ ئەوەی سەروەریی خۆیان و وڵاتیان مسۆگەر بکەن. لێرەشدا ئافرەتانی نیشتمانپەروەر راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

د. مەیادە نەجارِ سەرۆکی رێکخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ریفراندۆم تاکە هەنگاوی یاساییە بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و پرسێکی چارەنووسسازە کە ساڵانێکی زۆرە کورد چاوەڕوانی دەکات.» هەر لەوبارەیەوە بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی لەپەیامێکی مێژووییدا ئەم هەنگاوەی راگەیاند، سەرجەم چین و توێژەکان بەگشت رەنگ و دەنگە جیاوازەکان و بە هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمەوە پشتگیری ریفراندۆمیان کرد، چونکە هەمووان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە جیابوونەوە لەعێراق باشترین رێگەیە بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی ئارام و خۆشگوزەران لەناوچەکەدا، وەك دەوترێت عێراق دەوڵەتێکە تەنیا بە روخسار ماوەو سەرجەم دامودەزگاکانی لەبەریەك هەڵوەشاوە، هەم لە رووی یاسایی و هەم لە رووی ئەمنی و سەربازی، لە رووی ئابووریشەوە هەرەسی هێناوە، مەزهەبگەرایی بووەتە ئەولەوییەت و بەهەموو شێوەیەکیش مافەکانی کورد و دەستووری نوێی عێراقیش پێشێل کراوە. بۆیە کورد دەبێت خۆی لەو نەهامەتییانە دەرباز بکات، ئەوەی جێگەی سەرنجە رۆڵی ئافرەتانە لەم پرسەدا کە زۆر کاریگەر و گرنگە، ئافرەتان پێش هەموو کەس دەبێت پشتگیری ریفراندۆم بکەن، چونکە ئافرەتانی کورد لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی نەتەوەییدا رۆڵی کاریگەریان لەگشت کایە جیاوازەکاندا گێڕاوە، لەهەموو شۆڕشەکاندا لەسەنگەری خەباتی نەتەوەیی بەشدار بوون، لە شاخ پێشمەرگەبوون و لە شاریش لەخەباتی نهێنیدا رۆڵی سەرمەشقیان هەبووە، چەندان شەهیدیان پێشکەش کردووە، دیارترینیان شەهید (لەیلا قاسم)ـە کە نموونەیەکە لە مێژووی خەباتی ئافرەتان لە گشت وڵاتانی رۆژهەڵات و جیهاندا. لە ئێستاشدا پێویستە هەموو ئافرەتان سەرەڕای جیاوازیی ئایدیای سیاسییان پشتگیری ریفراندۆم بکەن، چونکە ریفراندۆم گرنگییەکی زۆری بۆ ئێستاو نەوەکانی ئایندەمان هەیەو پرسێکی چارەنووسسازەو کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر شوناسی نەتەوەییمان دەبێت،ریفراندۆم دەمانکات بە خاوەن دەوڵەت و چیدی پەلاماردانی کورد وەك «کێشەی ناوخۆیی عێراق» سەیر ناکرێت و دەیان وڵاتی گەورەی جیهان پشتیوانیمان دەکەن و پێشێلکردنی سنوورمان لە هیچ هێز و دەوڵەتێك قبووڵ ناکەن.

ئەمرۆ ئافرەتان لە گشت پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، بوونەتە کاراکتەرێکی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان هەر لە سێکتەرەکانی کارگێڕییەوە تا دەگاتە پۆستە سیاسییەکان و تادەگاتە سێکتەری ئابووری و تەنانەت ئافرەتان لە


سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکانیشدا رۆڵی بەرچاویان هەیە. واتا لە هەرێمی کوردستان ئافرەتان رۆڵێکی گرنگیان لە پرسی نەتەوەییدا .»

د. مەیادە نەجار لە درێژەی بۆچوونەکانیدا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە لەم دۆخە هەستیارەدا ئافرەتان دەبێت چی بکەن؟ دەڵێت: «ئافرەتان بەگشتی و ئافرەتانی میدیاکار و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی بەتایبەتی دەتوانن هەڵمەتی هۆشیاری بۆ گشت کۆمەڵگە دەست پێبکەن بە هاندانیان بۆ بەشداریکردن و پشتگیریکردنیان لە پرۆسەی ریفراندۆم، واتە دەبێت هانی گشت کۆمەڵگە بدەین بە هەردوو رەگەزەوە بۆ پشتگیری لە ریفراندۆم، هەروەها دەبێت هەمووان ئەوە بزانن لەکاتی بەرێوەچوونی ریفراندۆمدا یاسا نێودەوڵەتییەکان عێراق ناچاردەکات کە ملکەچی ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە عێراق پابەندە بە یاسای نێودەوڵەتی و رێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتی و کارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، واتە عێراق ئەندامە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەری مەرجدار دەبێت کە ملکەچی داواکاریی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت، هیچ دەقێکی یاساییش نییە جەخت لە یەکپارچەیی عێراق بکاتەوە، تەنانەت لە دەستووری عێراقدا هیچ دەقێکی ناچاری بۆ یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق نەهاتووە، بەڵکو ئەوە لە دیباجەی دەستووردا هاتووە، کە پابەندبوون بەم دەستوورەوە یەکێتی خاکی عێراق دەپارێزێت. لەئێستادا حکومەتی عێراق دەستووری پێشێل کردووە، کەواتە ناتوانێت باس لە یەکپارچەی خاکی عێراق بکات، بێجگە لەوەی کە لە کۆتایی دیباجەی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراقدا هاتووە: «پێکهاتەو لایەنەکان بە ئارەزوومەندانە چارەنووسی خۆیان بە عێراقەوە گرێداوە»، ئەم دەقە یاساییە ئەو هەلەش دەرەخسێنێت کە هەرێم بە ئارەزوومەندانە لە عێراق جیا ببێتەوە، واتا دەستووری عێراق خۆی رێگە بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەدات، بۆیە دەبێت هەموومان بە یەك دەنگ بە ئافرەت و پیاو و منداڵ و گەنج و بەساڵاچوو، بەگشت پێکهاتە جیاوازەکانەوە ئەم هەلە لەدەست نەدەین و بە (بەڵێ) سەربەخۆیی بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین و ئایندەیەکی گەش بۆ نەوەی داهاتوومان دروست بکەین.»

پەلەمانتار ئاواز حەمید ئەفەندی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەو سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە: «کاتی ئەوە هاتووە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە رۆڵی خۆیان لەمەیدانی چارەنووسی کوردایەتی بگێڕن، کوردیش هەرگیز شەڕخواز نەبووەو بەناچاری نەبێت رووی لە گۆڕەپانی شەڕ نەکردووە، ئێستاش لە قۆناخێکی نوێداین کە درێژەی هەمان رێبازی پیرۆزە، ئەمجارەش دەخوازین بە ئاشتەوایی مافی زەوتکراومان لە رێگەی ریفراندۆمەوە وەربگرینەوە، بۆ ئەوەش پێویستمان بە بەرپرسیاریەتی و هەڵمەتی ژیرانەی ئافرەتان هەیە کە شان بە شانی پیاوان بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێین و بڕیار لە سەر دامەزراندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردستان بدەین.

کچان و دایکانی کورد، ئەو کەسانەن کە فیداکارییان لە مێژووی کوردایەتیدا دەرەشاوەیە و شانازییان پێوە دەکرێت، ئێستاش ئەو کاتەیە کە جارێکی دیکە داستانێکی نوێ لە قارەمانییان لە مێژوودا تۆمار بکرێت. ئێمە بەرەو بەدیهاتنی ئامانجی دێرینەمان دەڕۆین. دوژمنان و ناحەزانی کورد دەیانەوێت ئەو خەونەی سەدان هەزار قوربانی بۆ دراوە، بیشێوێنن، بەڵام ساڵانی سەخت و پڕ لە نەهامەتی و نەبوونی و تەنیایی دایکانی کورد کە تەنانەت رۆڵی باوکیشیان گێڕاوە، ئیرادەی بەهێزتر کردووین بۆ ئەوەی لە مەیدانی خەبات بۆ هێنانەدی خەونی شەهیدانی سەربەخۆیی بەردەوام بین و بڕیاری دامەزراندی دەوڵەتی کوردستان بدەین.»

سنۆبەر سابیر ئەندامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «گشتپرسی (ریفراندۆم) پرۆسەیەکی دیموکراسییە بە ئامانجی وەرگرتنی رای تاك بە تاکی کۆمەڵگە لە هەر وڵاتێك، یان هەرێمێك کە ئەمەش دیاردەیەکی شارستانی و دیموکراسی و بە هەندوەرگرتنی رای هاووڵاتیانە بۆ ئەوەی بە رێگایەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە لە سەر بابەتێکی یاسایی، دەستووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی، یان هەر بوارێکی گشتگیر و چارەنووسساز خاوەنی دەنگ و ئیرادەی خۆیان بن.» هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «ریفراندۆم مێژوویەکی دوور و درێژی هەیەو وشەیەکی تازە نییە کە لەم دواییەدا هاتبێتە نێو فەرهەنگی نوێی وڵاتان، بەڵکو پرۆسەیەکی دیموکراسیی لەمێژینەیە کە لە چەندین وڵات کاری پێ کراوە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆرترین ژمارەی راپرسی و گشتپرسی ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی بەپێی خواست و بەرژەوەندییەکانی تاك لەو وڵاتانەدا، بڕیار لەسەر بابەتێك بدرێت کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی هەموو پێکهاتەکانیەوە هەیە. لە هەرێمی کوردستانیش ساڵانێکە خاوەن کیان و پەرلەمان و حکومەتین و تا رادەیەك موئەسەساتین و کوردستانییان شارەزاییان لە سەر هەڵبژاردن و مافی دەنگدانی خۆیان هەیە، ئێستاش کە گەیشتووینەتە قۆناخێکی هەستیار و چارەنووسساز پێویستە ئەو مافە بەکار بهێنین و بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆمان و رزگاری یەکجارەکیمان بدەین، بۆ ئەوەی چیتر نەبینە پاشکۆی وڵاتێکی وەك عێراق کە سنوور و سیادەی پارێزراو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مەزهەبگەرایی بەتەواوی ئەم وڵاتەی داڕووخاندووە، لە رابردووش جگە لە بە عەرەبکردنی کورد (تعریب) و گواستنەوەی زۆرەملێی کورد (ترحیل) و کۆکوژی و کیمیاباران سووتاندنی هەزاران گوند و ئاوارەیی و زیندەبەچاڵکردن و ئەنفالکردن، هیچی باشمان لەدەسەڵاتی ئەو عێراقە نەبینیوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووەو زەمینە رەخساوە بۆ ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی عێراقێکی داڕووخاوی مەزهەبگەرای بێ ئیرادەی سیاسی رزگارمان بێت، کە سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتێکی شکستخواردووە، بەردەوام هەڕەشە لە دەستکەوتەکانی کورد دەکات. با چیتر پاشکۆی ئەو وڵاتە نەبین کە زمان و کەلتوور و مێژوومان زۆر لە یەك جیاوازە، بە سوودوەرگرتن لەم هەلەی کە ئێستا لە ناوچەکە بۆ کورد رەخساوە، زەمینە زۆر لەبارە بۆ ئەوەی لە رێگای ریفراندۆمەوە ببینە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا پارێزراو بێت و چیتر رووبەڕووی ئەو هەموو نەهامەتی و پێشێلکارییانە نەبینەوە، کە حوکمڕانیی بەغدا تووشی کردووین .»




د. مەیادە نەجار:

**ریفراندۆم دەمانکات بە خاوەن دەوڵەت و چیدی پەلاماردانی کورد وەک «کێشەی ناوخۆیی عێراق» سەیر ناکرێت و دەیان وڵاتی گەورەی جیهان پشتیوانیمان دەکەن**



ئاواز حەمید:

**کاتی ئەوە هاتووە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە رۆڵی خۆیان لەمەیدانی چارەنووسی کوردایەتی بگێڕن، کوردیش هەرگیز شەڕخواز نەبووەو بەناچاری نەبێت رووی لە گۆڕەپانی شەڕ نەکردووە**



سنۆبەر سابیر :

**باچیتر نەبینە پاشکۆی وڵاتێکی وەک عێراق کە سنوور و سیادەی پارێزراو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مەزهەبگەرایی بەتەواوی ئەم وڵاتەی داڕووخاندووە**

# کوردانی ئێزیدی پشتگیریی خۆیان بۆ ریفراندۆم دەردەبڕن

دوای پتر لە سەدەیەك خەبات و قوربانیدان بۆ رزگاری لە زوڵم و ستەمی داگیرکاری و دابڕانی خاکی کوردان، پاش هەزاران کاولکاری و دەیان کوشتنی بە کۆمەڵ و سەدان هەزار شەهیدی بزافی رزگاریخوازی، جارێکی دیکە بەشێك لە کوردانی رەسەنی ئێزیدی کۆمەڵکوژکران و تیرۆریستانی دڕندەی داعش بەوەشەوە نەوەستان و پاکیزەکانی ئێزیدییان رفاندو وەك سەبایا کڕین و فرۆشتنیان پێ کردن، لە ئێستاشدا کە کوردستان لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی نزیك دەبێتەوە، کوردانی ئێزیدی پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو هەنگاوە مێژووییە دەردەبڕن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنیا لە کوردستانێکی سەربەخۆدا پارێزراو دەبن.


گوڵان: کۆمەڵایەتی



خالیده کچێکی رفێندراوی ئێزیدییه که له دەستی داعشه درِندەکان رزگاری بووەو له بارەی سەربەخۆیی کوردستان و داهاتووی ئێزیدییەکانەوه دەڵێت: «تەنیا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئێزیدییەکان له مێژووی پرِ تراژیدیایان رزگار دەکات، چونکه ئێمەی ئێزیدی له دەسەڵاتداریی عەرەبەکان جگه له ئازار و مەینەتی و کوشتن و سووکایەتیکردن هیچی ترمان نەبینیوە. عەرەبەکان له عێراقدا زۆریان ئازار داین، داعشەکانیش هەر عەرەب بوون که دەیان گۆرِی بەکۆمەڵیان بۆ ئێزییدییەکان دروست کرد و به هەزاران کچی وەك منیان رفاندو رەفتاری دوور له هەموو بەها مرۆییەکانیان بەرامبەر ئێمه ئەنجام دا.» خالیده له کۆتایی قسەکانیدا جەخت لەوه دەکاتەوه که «ئەگەر کوردستان ببێته دەوڵەت، ئێزیدییەکان له هەموو پێکهاتەکانی دیکه زیاتر سوودمەند دەبن»، هاوکات دەڵێت: (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆ ئەوەی به ئاشتی بژین. له دەوڵەتی کوردستان پێکەوەژیانی ئایینەکان بەردەوام دەبێت.

لازمه شێخ یوسف کارگێرِی لقی ١٧ی پارتی دیموکراتی کوردستانه له شنگال و سەرەتا باسی ئەوه دەکات که «له مێژوودا زۆر کارەساتی دژوار بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، زۆر جار هەوڵی سرِینەوەی کوردیان داوە، که ئەنفال و کیمیاباران نموونەی ئەو تاوانه گەورانەن، بەڵام رۆژی سێی ئاب رەشترین رۆژە له مێژوودا بۆ کورد، که تێیدا جگه له وێرانکردنی ماڵ و ئاوارەبوون و کوشتنی بەکۆمەڵ، تیرۆریستانی داعش ئافرەتانی ئێزیدییان رفاند و دەستدرێژییان کرده سەریان و کرِین و فرۆشتنیان پێ کردن. بۆ ئەوەی کارەسات و تاوانی وا گەوره دووباره نەبێتەوە، پێویسته کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت.» گوتیشی: «تا ئێستا دەرفەتی وەك ئەوەی ئێستامان بۆ نەرِەخساوه که له ژێر زوڵم و ستەمی شۆڤینییەکان بێینه دەرەوه و چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین. ریفراندۆم و سەربەخۆیی تاکه چارەسەری کێشه و ئاریشەکانی میللەتی کوردستانه، بەتایبەتی بۆ کوردانی ئێزیدی، بۆیه بەبێ ترس و دوودڵی دەبێت بڵێین (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان که مافێکی رەوای ئێمەیه، بڵێین (بەڵێ) هەتا جارێکی دیکه دایك و خوشك و ئازیزانمان نەبنەوه کەنیزەی بەر دەستی درِندەکان، پێویسته سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەندرێ و هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکان بەتایبەتی ئەوانەی ئێش و ئازاریان به دەستی دوژمن و ناحەزان چەشتووە، برینەکانیان سارێژ بکرێت. پێویسته کەرنەڤاڵی دەنگدان به (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی بگرین.»


ئەیاد عجاج مامۆستای زانکۆی دهۆك، هێما بۆ ئەوه دەکات که بەشداریی ئێزیدییەکان له پرسی ریفراندۆمی



لازمه شێخ یوسف :


**بەبێ ترس و دوودڵی دەبێت بڵێین (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەتا جارێکی دیکه دایک و خوشک و ئازیزانمان نەبنەوه کەنیزەی بەر دەستی درِندەکان**






مەیسەرحاجی ساڵح :

**ئێزیدییەکان باش دەزانن ئەگەر خوانەکات کوردستان نەبوو بە دەوڵەت و شنگال نەهاتەوە سەر دەوڵەتی کوردی، تیرۆریستان و عەرەبە شۆڤینییەکان ناهێڵن ئێزیدی لە ناوچەی شنگال بمێنن**



دلڤین ڕەشید:

**هیوادارین سەربەخۆیی کوردستان ببێتە هۆکاری سارێژبوونی برینی خانەوادەی شەهیدان و ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانی و کەوتوونەتە بندەستی تیرۆریستانی داعش**



سوعاد لالۆ ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

**ئەگەر هەموومان پێکەوە پشتیوانی لە پرۆسەی سەرخستنی ریفراندۆم بکەین، بەدڵنیایەوە ئەوکات لە چوارچێوەی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆدا بە ئارامی و ئاسوودەیی دەژین**

هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ لەسەر ئاستی ناوچەی جوگرافی و حزبە سیاسییەکانی ئێزیدییەکان دەبێت، چونکە جوگرافی ئێزیدییەکان بەسەر دوو ناوچەدا دابەش بووە، ناوچەیەك لەسەر هەرێمی کوردستانە کە (١٠ تا ١٥٪)ی جوگرافیای ئێزیدییەکان پێکدێنن، کە لە رووی ئیدارییەوە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانن، بەڵام ناوچەی شنگال و دەڤەری باشیك و بحزانێ کە (٨٥ تا ٩٠٪)ی جوگرافیای ئێزیدییەکان پێکدێنن، ناوچەی مادەی ١٤٠ن و لە رووی ئیدارییەوە چارەنووسیان تا ئێستا نادیارە.» سەبارەت بە هەڵوێستی ئێزیدییەکان بەرامبەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانیش گوتی: «بە حوکمی ئەوەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) کۆنترۆڵی ئەم ناوچانەیان کردووەو لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا لەم ناوچانە رۆڵێکی بەرزیان هەبووە. ناوچەی ئێزیدییەکانی سەر بە هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی و گەشبینییەوە چاوەڕێی ریفراندۆمن و پشتگیر دەبن و بە (بەڵێ) بەشداری دەکەن، بەڵام سەبارەت بە ناوچەی شنگال، لێرەدا رۆڵی ناوچەکە بە بۆچوونی خۆم جیاواز دەبێت، چونکە ناوچە زەرەرەی زۆری پێ کەوتووە بەتایبەت دوای هێرشی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ناوچەکە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، رەنگە ئەو رووداوە خوێناوییە کاریگەری لەسەر بەشداریی هەندێك لە ئێزیدییەکان هەبێت، چونکە تا ئێستا رووداوەکە بەردەوامە و بە هەزاران کەس بوونەتە قوربانی و چارەنووسیان دیار نییە، لەلایەکی ترەوە ناوچەکە لە رووی هزری و سیاسی دابەش کراوە لە نێوان پارت و گرووپی جیاجیا، هەروەها ئەو ئێزیدییە ئاوارانە ئەگەر لەناو کەمپەکان دەنگ بە ریفراندۆم بدەن، دەنگی (بەڵێ) زۆر بەرز دەبێت، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم ئاڵۆزییە، بەگشتی ئێزیدییەکان تا رادەیەکی باش بەشداری لە ریفراندۆم دەکەن و بە (بەڵێ) ریفراندۆم لە ناوچەی ئێزیدییەکان دەرباز دەبێت.

سوعاد لالۆ ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە چەند رۆژێك بەر لە ئێستا ساڵیادی گەورەترین کارەساتی ئێزیدییەکان بوو، ئەوەش برینێکی قووڵی مێژووییە و وا بە ئاسانی سارێژ نابێت.» گوتیشی: «بەداخەوە ئێمەی کورد بەگشتی و بە درێژایی مێژوو هەمیشە بووینەتە قوربانیی دەستی زوڵم و ستەمی سیاسەتی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق. بەڵام دوو هۆکار هەن کە ئێزیدییەکان بچەوسێندرێنەوەو ببنە قوربانی، یەکەم بە بیانووی ئایینی، دووەم بە هۆی نەتەوەیی کە کوردن. هیوادارین ئەمە کۆتا کارەسات بێت و برینەکانمان سارێژ ببێت و چیتر خەڵکی سڤیلی شنگال نەبنەوە قوربانیی دەستی تیرۆر، بۆیە ئەگەر هەمووومان پێکەوە پشتیوانی لە پرۆسەی سەرخستنی ریفراندۆم بکەین، بەدڵنیاییەوە ئەوکات لە چوارچێوەی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆدا بە ئارامی و ئاسوودەیی دەژین.»

مەیسەرحاجی ساڵح قایمقامی پێشووی شنگال، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کوردانی ئێزیدی وەك هەموو کوردانی عێراق پشتگیری لە ریفراندۆم دەکەن، چونکە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی خەونی هەموو کوردێکە و لە ئێستادا ئەم خەونە بۆتە راستی، ئەمڕۆ ئێزیدییەکان باش دەزانن ئەگەر خوانەکات کوردستان نەبوو بە دەوڵەت و شنگال نەهاتەوە سەر دەوڵەتی کوردی، تیرۆریستان و عەرەبە شۆڤینییەکان ناهێڵن ئێزیدی لە ناوچەی شنگال بمێنن، تا ئێستاش رۆژانە بە دەیانیان بەرەو دەرەوە بەرێ دەکرێن، چونکە شنگال لەلایەن تیرۆریستان و عەرەبە شۆڤینییەکانەوە گەمارۆ دراوە.» گوتیشی: «ئێزیدییەکان لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد رۆڵێکی گرنگیان هەبووە و لە هەموو ئەو هەوڵدان و شەڕانەی بۆ سەربەخۆیی کورد بووە، ئێزیدییەکان قوربانییان بۆ داوە، ئێستاش دەرفەتێکی زێڕین بۆ کورد بە گشتی و کوردانی ئێزیدی بەتایبەتی هاتۆتەپێش، ئەویش دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانە، سەرەڕای ئەوەشی شنگال جوگرافیایەکی ئاڵۆزی هەیە و لە کوردستان دوورە، بەڵام دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی ئەم ناوچەیەو ئێمە هەمووومان دەزانین کە حکومەکانی پێشوو و حکومەتی ئێستای عێراق هیچ کاتێك مافی ئێزیدییەکانی نەداوە و بەردەوام مافی ئێزیدیەکانیان فەرامۆش کردووەو تووشی زوڵم و زۆرداری بوون و وەك هاووڵاتی ژمارە دووش سەیر نەکراون. لە هەمووی ناخۆشتر کوردانی ئێزیدی لە مانگی ئابی ٢٠١٤ تووشی گەورەترین کارەساتی جینۆساید بوون لەلایەن تیرۆریستانی داعش و دراوسێکانی لە عەرەبە شۆڤینییەکان و سوننەکانی تلەعفەر بە هەزاران ژن و پیاویان کوشت و کچەکانیشیان برد و کڕین و فرۆشتنیان پێ کردن، یەك بۆیە مومکین نییە ئێمە جارێکی تر لەگەڵ عەرەبەکان بژین لە دەوڵەتی عێراقدا. ئێستا پێویستە ئێزیدییەکان بەهێزەوە بەشداربن لە ریفراندۆم و هەتا جارێکی تر کارەساتی کۆکوژی و جینۆساید دووبارە نەبێتەوە و بژین بە سەرفرازی لەدەوڵەتی کوردیدا.» جەختی لەوەش کردەوە کە چارەنووسی ئێزیدییەکان بە هەرێمی کوردستانەوە بەستراوەتەوە، ئێمەی کوردیش مافی خۆمانە وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکە دەوڵەتێکمان هەبێت.» گوتیشی: «عەرەب و تورك و فارس دەوڵەتیان هەیە، بۆچی ئێمەش ئەو مافمان نەبێت؟ من وەکو کوردێکی ئێزیدی گەشبینم کە ریفراندۆم سەرکەوتنێکی مەزنی دەبێت لە شنگال، چونکە من لە ناو خەڵکی خۆمانم و باش دەزانم کە هەموو ئێزیدییەکان رۆژی ریفراندۆم بەرەو سندوقەکان دەڕۆن و بە کوێرایی چاوی دوژمنان دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەن.»

دلڤین رەشید رۆژنامەنووسەو ئەویش رایوایە: «ریفراندۆم پرۆسەیەکی گرنگ و چارەنووسسازە و رۆژی ئەنجامدانەکەشی رۆژێکی پیرۆز و مێژوویی و



نەتەوەییە بۆ میللەتی کورد، بۆیە پێویستە گرنگییەکی زۆر بەم رۆژە چارەنووسسازە بدەین و لەم رۆژەدا بە تەنیا بە دەنگی (بەڵێ) بڕۆینە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین.» گوتیشی: «پێویستە لەم پرسەدا ئێزیدیەکان رۆڵێکی کاریگەریان هەبێت، چونکە لە مێژوودا پەیڕەوانی ئایینی ئێزیدی زۆر کارەساتیان بینیوە تا گەیشتە ئەو کارەساتەی کە لە شنگال رووی دا و تێیدا بە هەزاران خەڵکی سڤیل کوژران و دەربەردەر و ئاوارە بوون. هیوادارین سەربەخۆیی کوردستان ببێتە هۆکاری سارێژبوونی برینی خانەوادەی شەهیدان و ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانی و کەوتوونەتە بندەستی تیرۆریستانی داعش، چونکە هیچ برینێك لە برینی دایکە شەهید و خێزانی شەهیدەکان گەورەتر نییە، هیچ کارەساتێکیش لە کارەساتی شنگال بە ئێش و ئازارتر نییە، هیچ تاوانێکیش لە تاوانی کۆکوژی گەورەتر نییە، کە ئافرەتان بەشی سەرەکیی قوربانییەکانن. سەربەخۆیی کوردستان چارەسەری ئەم برینانە دەکات و داهاتووی ئێمەش مسۆگەرکردن. بۆیە دەڵێم (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کودستان .

دلڤین خەلەف بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی شنگال، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کۆمەلگەی ئێزیدی لە دوو بەش پێکدێت، کە پێی دەڵێن ئێزیدییەکانی دەڤەری (شنگال) و ئێزیدییەکانی (وەڵاتی شێخ)، ئەوانەی لە دەڤەری شنگال دەژیان، نیوەی کۆمەڵگەی ئێزیدین و لە دوای هێرشی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر دەڤەری شنگال هەر هەموویان دەربەدر بوون و ئێستا لە کەمپەکانی ئاوارەکان نیشتەجێن. دوای ئەو تاوانە گەورەیە و لە ئێستادا کە بەرەو ریفراندۆم دەڕۆین، ئێزیدییەکان بە (بەڵێ) لە ریفراندۆم دەنگ دەدەن، چونکە خەڵکێکی کوردپەروەرن و چیتر نایانەوێت لە ژێر زۆلم و ستەمی عەرەبەکاندا بژین.»


پێش هاتنی داعش ژمارەی ئێزیدییەکان لە عێراق و کوردستان (٥٥٠) هەزار کەس بووە. پاش پەلامارەکەی داعش بۆ سەر ناوچەکانی ئێزیدییان (٣٦٠) هەزار کەسیان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و زۆرینەشیان لە کەمپەکاندا نیشتەجێ کران. هەروەها نزیکەی (٦٠) هەزار کەس ئاوارەی وڵاتانی تورکیاو سووریا بوون. لەسەرەتای بەزاندنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە هەتا ئێستا (١٢٩٣) ئێزیدی بە دەستی داعش کوژراون و (٢٧٤٠) منداڵی ئێزیدی بێ سەرپەرشت کراون. تا ئێستا (٢٢) گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزیدییەکان دۆزراونەتەوە. ژمارەی رفێندراوەکان لەلایەن داعشەوە دەگاتە (٦٣٨٦) کەس، لەم ژمارەیە (٣٥٢٧) کەس لە رەگەزی ئافرەتن و (٢٨٥٩) کەسیش لە رەگەزی پیاون. ژمارەی رزگاربووانی ئێزیدی (٢٥٨٧) کەسن کە (٩٣٤) لە رەگەزی ئافرەت و (٣٢٥) لە رەگەزی پیاون و (٦٥٨) کەس لەتەمەنی منداڵیدان لە رەگەزی مێن و (٦٧٠) منداڵێش لە رەگەزی نێرن .

ئەوانەی کە تائێستا لەژێردەستی داعش ماونەتەوە، ژمارەیان دەگاتە (٣٧٩٩) کەس، لەوانە (١٩٣٥) کەسیان لە رەگەزی مێ و (١٨٦٤) کەسیشیان لە رەگەزی نێرن. ژمارەی ئەو منداڵ و گەنجانەی لە ژێر دەستی داعشن و بەزۆر مەشقی سەربازییان پێدەکرێ، نزیکەی (١٢٠٠) منداڵ و گەنجی ئێزیدین. تیرۆریستانی داعش (٤٤) مەزارگە و شوێنی ئایینی ئێزیدییەکانیان تەقاندووەتەوە.




ئەیاد عجاج :

**لە ناوچەی ئێزیدییەکانی سەر بە هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی و گەشبینییەوە چاوەڕێی ریفراندۆمن و پشتگیر دەبن و بە (بەڵێ) بەشداری دەکەن**



خالیدە کچێکی رزگاربوو لە دەستی داعش:

**ئێمەی ئێزیدی لە دەسەڵاتی عەرەب جگە لە ئازار و مەینەتی و کوشتن و سووکایەتیکردن هیچی ترمان نەبینیوە بۆیە تەنیا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە مێژووی پڕتراژیدیا رزگارمان دەکات**



دلڤین خەلەف :

**ئێزیدییەکان بە (بەڵێ) لە ریفراندۆم دەنگ دەدەن، چونکە خەڵکێکی کوردپەروەرن و چیتر نایانەوێت لە ژێر زۆلم و ستەمی عەرەبەکاندا بژین**